شیعر




رووزار ئەحمەد

# گڕی تازەکانی "ئۆدیب"



لەوێ شاخەکان
پاڵیان داوەتەوە
ئەوانە رۆماننووسەکانی "باکورن"
چاخ بە رەفی سەریانەوە
وەک پەیکەری جەنگاوەرە دۆڕاوەکان
هەرجارە و روو لەلایەک دەکەن
پاڵتۆی رەش و..
جامانی کون کونی رۆژگار
لەوێ ئەشکەوتێک
چیرۆکی پارچەیەک لەو مرۆڤانە دەگێڕنەوە
کە بوونە شاخ..
لەوێ دارستانێکیش
بە دوای دەماری ژیندا دەگەڕێ
وەک "گەلگامیش"

ژیان بێ ماناتر دەبێت
کە ترۆپک رووت و
وچانیش
بێ داربەڕوویەک
لەوێ شوهرەت
بە دەمامکی ساختەوە دێت و..
ئاومالّکەی تەمەنمان دەسووتێنێ
ئێمە مەعبەدەکانی(کاهن)ەکان نەبووین
بەری پێ و ورگی خۆمان لێک جوودا نەکەینەوە
خەروارێک بووین
لەو ئابوڕووانەی کە دلّۆپ دلّۆپ
دەڕژاینە ناخی خۆمان
بووینە گرێ کۆنەکەی (ئۆدێب)
شاخەکان حەسرەتی
بۆ دەکێشاین و..
لە میربەدەکانیشدا
شیعر و چەپڵەی
سەرکەوتنیان لێ دەدا
لەوێ شوهرەت وابوو
کە بالّندەکان کۆچیان کرد
ئیتر سورەتەکانی "رەجم"
بە تەنافی هێلانەکانەوە
هەلّواسران
چ عادەتێکی بێ تامە ژیان
یارییەک لە مندالّییەوە



هەردوو براوە نەبووین
لە کیسمان چوو
لە پەنای بەردێکدا
وەکو ئەوان باسی خۆشەویستی بکەین
مەڵێ.. دەڵێی لە ترسی
خەلیفەکانی حەرەم سەرا،
دەڵێم.. ئەوان
هەموو دوێتەکانی ئێمە و
نێو حەساریان
بۆ هەوەسەکانی خۆیان
مەرەخەس کردبوو
ئێمەش نەیادا بزانین ئەمە عیشقە
ناوی (خودامان)
لەم چیرۆکە نابوو
نازانم عەشقی خودا
لە کوێ بوو؟؟
کە تۆ فەرزەکانی عەشقت
بۆم ئەژمارد و
نەشەو نوێژی ژوانەکانمان
دەتواینەوە کۆشی یەکتری
کە سەرابیشت ئۆغری لێ دەکردم
خۆم و بالیفەکەم
دەبووینە قوربانی خەڵوەتگایەکی تر
وەک سۆفییەک
کەس نهێنییەکانی دڵی نەخوێندنەوە



ئەمە دواهەمین بەرووی شاخەکانە
بەر لە هاتنی چڕنووکی زەمهەریرەکان
باس لە چیرۆکەکانی (پەنا) دەکا
کە داڵە بوو بە حەسرەتێک و
قەت قەت نەهات
ئەترسم پیریش
سبەینێ باجی ئەم تەمەنەی
لێم بوێت
کە بەردەوام پەشیمانم
لە بوونم!!!
بێ رەغبەتەکانی خۆم هاتم..
کەرکووک ١٥ی تشرینی دووەم ٢٠٠٩

